# له سالْرۆژی مەرگەساتی هەڵەبجەدا

پانزه سالْ له مەوبەرو له ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا ڕژێمی فاشیستی عێراق به جۆرەها چەکی قەدەغەکراو شاری هەلەٚبجەی کیمیا باران کردوو بەم کاره دزێوەی ڕەشترین تاوانی نا به تەویڵی هەمیشه ڕەشداگەڕاوی خۆیەوه . کیمیابارانی هەڵەبجه کیمیابارانکردنی دەیان رۆڵەی بیٚ دیفاعی ئەم شاره بوو به گەنج و لاوو پیرو ژن و منداڵەوه , کیمیابارانکردنی ئەدەب و شیعرو کلتوری دەیان ساڵەی شارێك بوو که مێژوو شاهیدی زیندویەتی و بەرەنگاربوونەوەیەتی . چونکه ئەم شاره هەر له سەرەتای سەدەی رابردووەوه بەردەوام لانکەی ئەدەب و ماڵی گەرمی ئەو شاعیرانه بووه که بەرهەمەکانیان له نێو بزاڤی ئەدەبیدا شیعریان زیندوو ترو ڕەوتی کاروانیان گوڕتر کردووه و ئەم شاره له مێژووی خۆیدا بۆ ساتیٚ چییه له خەبات و تێکۆشان دانەبڕاوه و ,.هەمیشه بەشداری کاریگەری له جولاٚندنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەماندا له مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕیندا کردووەو هەردەم هەوڵیداوه هەنگاویٚ زیاتر ئەو جولاٚنەوەیه بۆ پێشەوه بەریٚ که ئەیەویٚ گەلەکەمان به ئازادی و سەرفرازی یه کجارەکی بگات . بێگومان مێژووی پرشنگداری ئەم شارەو هەڵوێستی جوامێرانەو دەستەمۆنەبوونی خەڵکانی ئەم دەڤەره کارێکی وایان کردووه , که هەمیشه ڕژێمه داگیرکەرو یەك له دوای یەکەکانی عێراق به گومانەوه لیٚی بڕوانن و به چاوی قین و تۆڵەوه سەیری بکەن . بۆیه له ئەنجامدا چەندین شالاٚوی گرتن و ڕەشبگیر یەخەی ئەم شارەی گرتووه تا بۆردومانه نەگریسەکەی ساڵی 1974 ی لیٚکەوتۆتەوه و بۆته هۆی شەهید بوونی دەیان کەس لەم شاره شەهیده هەمیشه ڕاپەڕیوه .

بەڕێزان .. ئەم شاره پاش پیلانه نێودەوڵەتیەکان سالیٚ 1975 که گەلەکەمانی توشی کارەساتی جەرگبڕکرد. ئەوا شاری هەلەٚبجه ودەڤەری شارەزوورو هەورامان بوەته سیمبوڵی شۆرشی نویٚ و شەرەڤ یەکەم شەهیدو یەکەم چەخماخەی بەرەنگاربوونەوه به رۆڵەکانی ئەم شارەو پێدەشتەکانی شارەزوور بڕا. بەردەوامیش ئەو بڵێسەیه له خۆپیشاندان و ناڕەزایی و ڕاپەرینەکانی سالاٚنی 1977 و 1978 و 1982 و 1987 ی ئەم شارەدا بینیوەتەوه و هەمیشه هەوێنی ئەو بەرەنگاربوونەوانه ,هەر ڕۆڵەکانی ئەم شاره بووەو به خوێنی دەیان شەهیدی ئەم شاره نەخشێنراوه.تا توانیوێتی گوڕوتینێکی نوێتر و به جۆشتر به شۆڕشی گەلەکەمان بدات بۆ رزگاری و سەربەخۆیی.

پاش ڕاپەرینەکەی بەهاری 1991 و ئازادبوونی زۆربەی خاکی ولاٚتەکەمان له ستەمی دیکتاتۆری , ئەوا ئەم شاره ودەڤەری شارەزوورو هەورامان به هۆی زالیٚ باڵی توندڕەوو تیرۆریستەوه , چرکەکانی ئازادی تیایدا خەفەو ساتەکانی سەرفرازی کورت و کەم خایان بوو.چونکه به هۆی ئەو بارو زروفەوه که چەندین ساڵه ئەو شارەی تیا ئەژی,ئەوا لای کەس شاراوه نییه هەم یاسا نەیتوانیوه وەك پێویست سەروەرو بالاٚدەست بێت ,هەم دەستی ئاوەدانیش تیایدا کورت و کەم بووه.که به پێچەوانەوه دەبوو ئەم شارەو ناوچەی شارەزوورو هەورامان به هۆی ئەو برینه گەورەیەو ئەو میژووه پڕ سەروەرییه که هەیەتی هەمیشه بەشی شێری له ئاوەدانی و ژیاری پێبگەیشتایه.بەلاٚم ئەمرۆخۆشبەختانه به هۆی ئەو هاودەنگییەی هێزه بالاٚدەست و نێودەوڵەتیەکانی جیهانەوه ,ئەوا گلۆڵەی تیرۆریستان له لیٚژبوونەوەی یەکجاریدایەو, ئەو گروپانه دەیانەویٚ ئەقڵ و ئیرادەی مروڤ لەچك بکەن ,روو له فەوتان و نەمان دەکەن و گەلەکەشمان بۆیەکەمجار له مێژوودا داواکانی له گەڵ ئەو هەنگاوانەدا جوت دەبیٚ ,که ئەیەویٚ پرۆسەی به دیموکراسی کردنی ناوچەکه به لیٚدانی یەکەم گورزی سەررژێمی عێراق دەست پیٚ بکات.بۆیه بۆئێمەی هەڵەبجەیی و خەڵکانی شارەزوورو هەورامان به هۆی ئەو هەموو قوربانییەی که له خەبات و تێکۆشاندا پێشکەش به گەلەکەمان کردووه,ئەوا ماڤ خۆمانه له هەموو کەس زیاتر هاودەنگی و هاوهەڵوێستی خۆمان له تەك ئەو هێزو لایەنانەدا رابگەیەنین که له بەرەی دژه تیرۆر دا خۆیان دەبیننەوەو هەر

چی زووتره ئاواته خوازو خوازیاری ئەو گۆرانکارییە ڕیشەییە بین کە لە نزیکترین دەرفەتدا بە ڕێوەیە.بۆ ئەوەی ئەو رژێمەی کە ئەشقی لە کانی ئاشقان قەدەغەکردو ئەو سەلەفیانەی کەدەیانویست هەڵەبجە بکەنە حەبەشەو ئەو تیرۆریستانەی کە خوازیارن هەموو گوندەکانی کوردستان وەك گوندی خێڵی حەمە پرسەداربێ و ئەوانەی سیاچەمانەیان لە تەلأنەکانی هەورامان قەدەغەکردوە ,بە یەکجاری بە سەر نوێلکی مێژوو شاد بن و دەستی رەشی پر تاوانیان بۆهەمیشە لە کوردستان ببڕێ.هاوکات جێی خۆیەتی لە ساڵڕۆژی ئەم کارەساتە گەورەیەدا سەرباری درودو سلأو بۆشەهیدانی گەلەکەمان بە گشتی و شەهیدانی کیمیاباران بە تایبەتی بنێرین ,ئەوا لە دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێم بکەین کە بۆ گەورە ڕاگرتنی ئەو یادە , رۆژی 3/16 ی کرد بە رۆژی شەهیدانی گەلەکەمان و پیرۆزبایی لە هاودەنگی هەردوو هێزە سەرەکیەکەی کوردستان بکەین لە بەرامبەر هەست کردنیان بە مەسئولیەتی مێژووییان لە ئاستی گۆرانکاریەکان و هێزە ئیقلیمییانەی کە دەیانەوێ هیواکانی کورد زیندە بە چاڵ بکەن.

بەڕێزان.. کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە وەك کۆمەڵەیەکی کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری سەربەخۆ, لە پاش راپەرین و ئەو هەل و مەرجی ئازادی و دیموکراسیەی گەلەکەمانی پیا ڕەت بوو ,هاتە مەیدان و خۆی بە جەماوەری گەلەکەمان بە گشتی و خەڵکانی هەڵەبجەی شەهید بەتایبەتی ناساند.لەو کاتەشەوە تا ئەمرۆ بەشداری سەرجەم بۆنە نەتەوەییەکانی گەلەکەمانی کردووەو هەردەم هەوڵیداوە زیاتر مەینەتیەکانی شاری هەڵەبجەو دەڤەری شارەزوورو هەورامان بە حکومەتی هەرێم و رێکخراوە .N.G.O کان بناسێنێ. تا بتوانرێ هەوڵی زیاتر بدرێ بۆکاری ئاوەدانکردنەوەو بە پێی تواناش قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانانە بکرێت کە ئەو شارە کوردپەروەرە لە سەردەمی رژێمدا لێی کەوتووە.بۆیە ئێمە وەك کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە سەرباری ئەرکی نیشتیمانی و نەتەوەییمان کە هەمیشە بە ئەمانەتەوە جێبەجێمان کردووە ,لە هەمان کاتیشدا وەك کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری بەرنامەی تایبەتیمان بۆ گەراندنەوەی ژیاریی و سیمای رەسەنایەتی و رۆشنبیریی ئەو شارە هەبووەو کەم تا زۆریش لە چەند ساڵەی تەمەنی کۆمەڵەکەماندا هەوڵمان بۆبەدیهێنانی سەرەتاکانی ئەو بەرنامەیەداوەو ,ئەمرۆش لە ساڵڕۆژی ئەو مەرگەساتەدا خوازیاری بنیاتنانی هەڵەبجەیەکی مەدەنی و ئازاد و سەروەرین لە ڕووی یاساوە .تا رۆڵەکانی ئەم شارە خۆراگرەش وەك هەموو شارۆچکەکانی تری کوردستان بە شادی و ئازادی و لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمدا ژیان بە سەر بەرن وسەرجەم ئەو هەڵەبجەییانەی کە بە هۆی هەر بارو زروفێکەوە لەو شارە شەهیدە دابراون ,لە نزیکترین دەرفەتدا بگەرێنەوە و شاری دێرێنی پڕ وەفاو پڕ ئەمەکی خۆیان شادبن.

بە هیوای ئەو رۆژە

بە هیوای سەرفرازی و ئازادی یەکجاری

**کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە**

**2003/3/16**